# فراكسیۆنی كۆن و كۆمۆنیزمی شێنەیی

**عادل ئیبراهیم**

فرسەت هێنان بەبێ بردنە پێشی مەسەلەیەك هەنگاوەێكی شەرمنۆكانەو جۆرێك بێئصولیە بەرەو دواوەتر، دەستەوستانیو هیچ لەبارنەبوی فرست هێنەرە، لەوە دەچێت لە مێژە كاك ئەحمەد معین بەدوای ئەو فرسەتەدا وێڵو ئاوارەیە كە حیزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری توشی هەلاٌمەت ببێ، بۆ ئەوەی سابقەی تەندروستی جیابونەوەی خۆی لە سەرماوسۆڵەی ئەو حیزبەو بزووتنەوە كۆمۆنیزمی كریكاری بە قەناعەتێكی زیاتر بگەیەنێ، ببێژیت دەمێكە لە ژێر هۆژمونی ئەو رەوتەدا نەماوەو مێژووش هەقیانەتی ئەو رزگاربونەی بۆ سەلماند.

كاك ئەحمەد لە گەل چەند هاورێیەكیدا ماوەیكی زۆر سەرگەرمی بزووتنەوەی بنیات نان بون، بە قەولی ئێستای، وەها دیارە خۆیان لە هێژمونی منصور حكمت پارستووە، ئەوەیان نەزانیوە كە خۆپاراستن لە هیژمونی حەرەكەتیكی سیاسیو فكری، دەبیت بە هیژمۆنیەكی ترەوە سەردەربێنێ، بزووتنەوەی بنیاتنان سەرگەردان بەدوای ئەوەی نەیان دەزانی چی بنیات دەنێن، سەرقاپیان بە یەكێتی كۆمۆنستەكان نایەوە، لەسەرگەردانیەوە بۆ سەرگەردانیەكی تری ون بوی بێ سەرو سەدا و بە قەناعەتەوە خۆیان بۆ لول كردووە.

كاك ئەحمەد لە ووتاریكدا بەناوی "شەری هاورییان" پیمان دەبیژێ جیابونەوەی ئەوحیزبەو ریبازی كۆمۆنیزمی كریكاریو ئەزمەی بزووتنەوەی كۆمۆنستی لە عیراقدا با بمینێ بۆ باسیكی شینەیی تر، واتە یەك نەخت پەلەی ناویت، گەر ئارامان هەبیت هەر ئەوەندی كاروبارەكانی بزووتنەوەی بنیاتنان ئەخایەنێ مەگەر چەند سالی زیاتری بوێ، گەر پەلەیان لێ نەكەین، ئەوە باسو شیكردنەوەیەكی دەولەمەندمان پیشكەش دەكەن، خشت لەسەر خشت شتی نامەعلوم بنیات دەنێن، بەلام پێمان دەفەرموێ ئیستا خەلكینە ئەوەندە بزاننو تێبگەن كە ئەفرادەكانی كۆمۆنیزمی كرێكاری بێئحترامی كەوتۆتە نیوانیانو خەریكن ئەدەبو رەوشت ئەدۆرینن...

دەوری منصور حكمت لە دوو دەیەی رابردوو لە ناو بزووتنەوەی كۆمۆنستی ئیرانو عیراقدا تەنها بە كاركردێكی عمومی تەعریف ناكرێت، كاك ئەحمەد شانی خۆی خالّی دەكات كە بۆ خۆشی قەرزاری ئەو كاركردەیە، بەو مانایە گەر منصور حكمت نەبوایە تا ئیستا كاك ئەحمەد یەكی لە دەروێشەكانی ستالین، ماوتسی تونگ، ئەنوەر خواجە... دەبو وەلای قاپی مزگەتی گەورەی كاك ئەحمەدی شیخ هەر زكرتان دەكرد.

ماركسیزمی شۆرشگێر، كۆمۆنیزمی كریكاری هیژمۆنی هەفتاسالەی كۆنەپەرستی بەناو كۆمۆنستی توور هەلّدا، كە سەروگوێلاكو قاچوقولی كاك ئەحمەدو هاوریكانیشی گرتبوەوە، بەلام لە گەل قەرز گویرو بێ سفەتانا هیچ ناوترێت، با حوالەی زەمانە بن.

ئیوە بۆ چەندسالە دەتانەوێ خۆتان لە هیژمۆنی كۆمۆنیزمی كریكاری بە دوور راگرن، بەلام چ خەلاقیەتو هونەریكتان لەو بارەوە بەرێ خست، چ پیشرەویەكتان لە بردنە پیشی بزووتنەوەی كۆمۆنستیدا نواند، خۆشتان نازانن سەرقالی چین، لە هەمان كاتدا بەیانی كۆنفراسەكانتان وەسفو مەدحی ئەو دەستكەوتو پیشرویە عەزیمانەیە كە بەدەستان هیناوە، ئەو دەستكەوتانەی كە لە ژووریكی داخراودا ریزتان كردوە، هەر لەدەرەوەی ئەو ژوورە بیان هێننە دەرەوە بە فەوری ئەتوێنەوە.

مەسەلەی بەهیز كردنی كۆمۆنیزم، قدرتی كۆمۆنستەكان لە بەرامبەر ئەحزابی بۆرجوزازی، حیزبو دەورو مەكانەی لە هاوكێشەی سیاسیدا، سەرهەلدانی رابەرانی كۆمۆنستی بە ئۆتۆریتە، هەرگیز ناتوانێ لە شیكردنەوەو باسەكانو حەرەكەتی

ئیوەدا بۆنی هەبیت، کۆمۆنستەکان لای ئیوە بێ بۆنو بێتامو بێڕەنگن، ئامادەن لە تەواوی زندەگیتانا شەوانە دانیشن بەدیار ئاگری دوو چڵە دار گویزەوە قسە بکەنو نەگەن بە ئامانجیك.
هەر بەراست بۆ خۆتان جیگای پرسیارو ماندوبون نییە، تاکەی ئەو وەزعە دریژە پێ ئەدەن، وا بە بەبێ قەیدو شەرتو هیچ جۆریك ناتوانن گەشەبکەنو هیژمۆنی بکەن!، پرۆسەی بون بەرابەری هەر کۆتایی نەهات؟ یا چاوەرین هیژمونیەکی ترو لە مۆدێلێکی تر بەسەرتانا بەرهەم بێتەوە؟.